**بڕگەی شەشەم: وەرگرتنی دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی:**

1- دەرچـووانی ئامادەییەکانی خوێنـدنی ئیسـلامی سـەر بـە وەزارەتی پـەروەردە لە ڕێـگەی چـاوپێکەوتن و تـاقیکردنەوە لە لایەن لـێژنەیەکی تـایبەتەوە کە پێک دێـت لە ئەنـدامانی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵا و تـوێژینەوەی زانسـتی وە نوێنەرێـک لە وەزارەتی ئەوقاف بە پێی کۆنمرەی پۆلی دوانزەی ئامادەیی بە بێ ئەژمار کردنی (کریدت) وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

2- (یەکەم و دووەم و سێیەم) لە دەرچووانی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی سەر بە وەزارەتی پەروەردە لە سەر ئاستی هـەرێم لـە بەشـەکانی زمـانی عـەرەبی لە زانکۆکان وەردەگـیرێن بـە پـێی سـنووری جـوگرافی ، بـە مـەرجێ تێکـڕای نمرەیـان لە **(75%)** کەمتر نەبێت.

3- دەرچـووانی ئامادەییەکانی خوێنـدنی ئیسـلامی سـەر بـە وەزارەتی پـەروەردە بە هەمـان شـێوەی دەرچـووانی ئامـادەییە (پیشـەییەکان) تەنها دەرچـووانی یەک سـاڵ مافی پێشـکەش کردنیان هەیە ، وە دەرچـووانی سـاڵانی پێشـتر بە سیسـتەمی (پارالێل و ئێـواران) مـافی پێشـکەش کردنیـان دەبێـت ، واتـا تەنهـا دەرچـووانی سـاڵی خوێنـدنی (2020-2021) دەچـنە پێشـبڕکێ بـۆ وەرگرتنیـان لە بەشـەکانی کـۆلێژ و فـاکەڵتی زانسـتە ئیسـلامییەکان بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ لە سـەر بنەمـای پێشـبڕکێی نمـرە (مەرجی چاوپێکەوتن و تـاقیکردنەوە) لـە هـەر زانکـۆیـەکی هـەرێم وەردەگیرێن ، بە مەرجێـک کۆنمرەیـان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

4- (یەکـەم و دووەم و سـێیەم) ی پەیمـانگەی ئەزهەر بـۆ سـاڵی خوێنـدنی (2020-2021) لە بەشـەکانی زمـانی عەرەبی کـۆلێژی زمان یان ئەدەبیات ، زانستە مرۆڤایەتییەکان وەردەگیرێن ، بە مەرجێک کۆنمرەیان لە **(75%)** کەمتر نەبێت و تەمەنی قوتـابی/ خوێنـدکاریش لە (30) سـاڵ زیـاتر نەبێـت ، ئەوانی تـر بە پـێی سیسـتەمی پێشـبڕکێ لە بەشـەکانی زانسـتە ئیسـلامییەکان بە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ (مەرجی چـاوپێکەوتن و تـاقیکردنەوە) وەردەگـیرێن ، بە مەرجێـک کۆنمرەیـان لە **(60%)** کەمتر نەبێت.

5- لەکاتی پێشبڕکێدا ڕەچاوی نمرە دەکرێت بە ڕێژەی (60%) ی نمرە لە سەر کۆنمرەکەی دەبێت و ڕێژەی (40%) ی نمرە لە سەر لێهاتوویی توانستی داواکار دەبێت ، بە مەرجێک نمرەی لێهاتوویی توانستی لە **(20%)** نمرە کەمتر نەبێت.

6- وەرگرتن لە بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان بە سیستەمی (پارالێل).

دەرچووانی ئامادەییە ئیسلامییەکان مافی پێشکەش کردنیان هەیە بۆ بەشەکانی کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە هەر زانکـۆیـەکی هـەرێم بە پـێی ڕێنماییەکـانی سیسـتەمی (پارالێـل) ، سـەبارەت بە دەرچـووانی پەیمـانگە دەبێـت کـۆنمرەی پەیمانگەیان لە **(60%)** کەمتر نەبێت ، وە بۆ دەرچووانی ئامادەیی **(55%)**.

